# خوێندنەوەیەكی پۆست كۆڵۆنیاڵیبیانەی "ئەویتر" لە ڕۆمانی"داگیركردنی تاریكی"دا

**سەنگەر نازم حوسێن**
بەشی كوردی، فەكەڵتیی پەروەردە، زانكۆی كۆیە، هەرێمی كوردستان، عێراق

**پوختە**

ڕۆمانی نویێ لەمڕۆدا بەوە ناسراوە، كە فەزایەكی فراوانە بۆ دەركەوتنی دەنگ و ڕەنگە جیاوازەكانی كارەكتەرەكانی ناو كۆمەڵ و وەكو سەكۆیەك وایە بۆ نیشاندانی چینە پەراوێز و چەوساوەكانی كۆمەڵگە بە تایبەت لای ئەو نەتەوانەی كە ماوەیەكی زۆری تەمەنیان لەژێر چەپۆكی داگیركاری بەسەربردووە و بە تازەیی هەوای ئازادی و سەربەخۆییان هەڵمژیوە، بۆیە ڕۆمان لای ئەو نەتەوانە بەر لە هەر شتێك دەرخەر و نوێنەری ئەو پەیوەندییەیە كە لەنێوان داگیركەر و داگیركراودا هەیە و نەتەوەی كوردیش وەكو یەكێك لەم نەتەوە داگیركراوانە لە ڕووی كلتورییەوە بەرهەمە ئەدەبییەكانی ئاوێنەیەكن بۆ دەركەوتنی پڕۆسێسی داگیركاری و ئاكامە خراپەكانی ئەم پڕۆسەیە. لەم ڕوانگەوە ڕۆمانی "داگیركردنی تاریكیی"بەختیار عەلی یەكێكە لەو ڕۆمانە گرنگانەی، كە گرنگی داوە بە تۆڕی پەیوەندییەكانی نێوان داگیركەر و داگیركراودا و ئەو چەمكە گرنگانەی، كە تیۆری پۆست كۆڵۆنیاڵیزم خۆی پێوە سەرقاڵ دەكات. نووسەر لەم ڕۆمانەدا ڕووبەرێكی بەرفراوانی تەرخانكردووە بۆ وێنەكێشانی ئەویتری داگیركەر و پەیوەندییكانی ئەو"ئەویتر"ە لەگەڵ "خود"ە كۆڵۆنیكراوەكان. ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی خوێندنەوەیەكی پۆست كۆڵۆنیاڵیبیانەی "ئەویتر" لە ڕۆمانی"داگیركردنی تاریكی"دا، هەوڵێكی ڕەخنەییانەی وردە بۆ دەرخستنی چەشنە جیاوازەكانی "ئەویتر" لە ڕۆمانی داگیركردنی تاریكیدا لەسەر بنەمای ڕەخنەی پۆست كۆڵۆنیاڵیزم و پەیوەندی نێوان داگیركەر و داگیركراو بە تایبەت بۆچوونەكانی "ئێدوارد سەعید" و "فرانتز فانۆن"هەوڵدراوە ئەو نموونانەی كە نووسەر بۆ ئەویتر وێنەی كێشاون هەم لە ڕوانگەی كۆڵۆنیكراو و هەمیش لە ڕوانگەی كۆڵۆنیكەرەوە دەربخرێن، جگە لەمانەش ئەو میكانیزمانەی كە لە پڕۆسەی ئەویترسازیدا "othering"بەكاربراون تیشكیان خراوەتەسەر. لە كۆتاییشدا بەو ئەنجامە گەیشتووین، كە ئەو "ئەویتر"انەی نووسەر بەرجەستەی كردوون هەر یەكەیان هەڵگری ئایدۆلۆژییایەكی تایبەتە و ئەم ئایدۆلۆژیایە لای تورك تێكەڵاوە بە زەبروزەنگ و توندوتیژی و لای كورد ئاوێتەیە بە گیانی خەبات و بەرخودان و بەرەنگاری لەپێناوی مانەوە ئازادیدا.

**وشەسەرەكییەكان:** پۆست كۆڵۆنیاڵیزم،ئەویتر ،كەلتور ،ئایدۆلۆژیا ، كۆڵۆنیكراو.

## پێشەكی

ئەدەب وەكو گوتارێكی مەعریفی هیچ كاتێك ناتوانێت خۆی لە ئایدۆلۆژیا دورەپەرێز بگرێت و ئایدۆلۆژیا ئاگایانە، یا نائاگایانە خۆی دەخزێنێتە ناو دەقە ئەدەبییەكان و ئەمەش وادەكات بوونی هەر یەكێكیان بەوەیتر پەیوەست بێت. دۆزینەوە و ئاشكراكردنی ئایدۆلۆژیا لە ئەدەبدا ئەركێكە ڕەخنەی ئەدەبی لە ئەستۆی دەگرێت و ئەم لایەنە لەدوای گەشەسەندنی ڕەخنەی ماركسیستی لە سییەكانی سەدەی بیستەم پتر ئاوڕی لێدراوەتەوە و لە تیۆر و شەپۆڵەكانی پۆست مۆدێرنیتەش گرنگییەكی تایبەتی پێدراوە و یەكێك لەو تیۆرانەش پۆست كۆڵۆنیاڵیزمە. بیرمەند و ڕەخنەگرانی ئەم تیۆرە بە سود وەرگرتن لە بیروڕاكانی(فانۆن، گرامشی، فوكۆ، دریدا )هەوڵیانداوە كار لەسەر ئەو پنتە شاراوانەی ئایدۆلۆژیا بكەن، كە بە مەبەست، یا نائاگایانە خزاوەتە ناو دەقەكان و ئەوە دەربخەن، كە "ئەویتر"چۆن لەم دەقانەدا بەرجەستەكراوە و چۆن سەیری كراوە، بۆ ئەم مەبەستەش ڕویان لەو دەقانە كردووە، كە لەژێر چەپۆكی داگیركاری، یان دوای داگیركاری، یان نوسەرانی داگیركەر نوسیویانە.

ناونیشان و پڕۆگرامی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە، كە بە ناونیشانی(خوێندنەوەیەكی پۆست كۆڵۆنیاڵیبیانەی "ئەویتر" لە ڕۆمانی"داگیركردنی تاریكی"دا )یە هەوڵێكی ڕەخنەیی بۆ دۆزینەوە و ئاشكراكردنی شێوەكانی دەركەوتنی ئەویتر لە ڕۆمانی داگیركردنی تاریكی بەختیار عەلی دا. توێژینەوەكە لە پێشەكی و دوو بەشی سەرەكی پێكهاتووە. یەكەمیان تیۆرییە و تێیدا چەمك و زاراوە و پێناسەی پۆست كۆڵۆنیاڵیزم،كەلتور وەك كەرەسەیەكی گوتاری پۆست كۆڵۆنیاڵیزم، ئەویتر خراونەتەڕو. دووەمیان پڕاكتیكییە و تێیدا دەركەوتەكانی ئەویتر لە ڕۆمانی "داگیركردنی تاریكی"دا نیشاندراوە. لە كۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەكان تۆماركراون.

گۆڤاری زانكۆی كۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و كۆمەڵایەتییەكان، بەرگی ٧، ژمارە ٢ (٢٠٢٤)
ڕێككەوتی: وەرگرتن ٣٠ ئەیلول ٢٠٢٣؛ پەسەندكردن: ٣١ تشرینی یەكەم ٢٠٢٣
توێژینەوەی ڕێكخراو: لە ٢٩ تشرینی یەكەم ٢٠٢٤ بڵاوكراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: sangar.nadhim@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوكردنەوە © ٢٠٢٤ سەنگەر نازم حوسێن حەمەد، گەیشتن بەم توێژینەوەیە كراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp135-143

**میتۆدی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی وەسفی-شیکاری بەستراوە.

**سنوری توێژینەوە:**

لە چوارچێوەی رۆمانی "داگیرکردنی تاریکی" بەختیار عەلی دایە.

ئامانجی توێژینەوە: یەکێك لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانە بۆ ئاوەڵاکردنی دەروازەیەك بۆ ئیشکردن لەسەر ئەو تێزە گرنگانەی، کە تیۆری پۆست کۆڵۆنیاڵیزم گرنگیان پێدەدات، بە تایبەتیش"ئەویتر"کە تاوەکو ئەمڕۆ لە پانتایی ڕەخنەی کوردیدا ئیشی لەسەرنەکراوە، هەروەها نیشاندانی دەرکەوتە جیاوازەکانی "ئەویتر" لە ڕۆمانی کوردیدا.

## 1. زاراوە و پێناسەی پۆست کۆڵۆنیاڵیزم:

پۆست کۆڵۆنیاڵیزم لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی لێکدراوە و لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە ئەوانیش(post) بە واتای(پاش)و(colonialism)بە واتای(داگیرکاری)دێت و بە هەردوو بەشی زاراوەکەش دەبێتە پاش داگیرکاری. ئەم زاراوەیە بۆ یەکەمجار لە ساڵی(1959)هاتە ناو فەرهەنگی ئۆکسفۆردی ئینگلیزی(Dore,2011:3). دوای بڵاوبونەوەی کتێبی(ڕۆژهەڵاتناسی)ی(ئێدوارد سەعید)لە ساڵی(1978)دا بوو بە زاراوەیەکی بەربڵاو لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا و دواتریش وەکو تیۆرێکی ئەدەبی و ڕەخنەیی بەرەو ئەدەبیاتی زۆرینەی وڵاتانی جیهان پەڕییەوە و لەمڕۆدا یەکێکە لە تیۆرە هەرە کاریگەرەکانی شیکردنەوەی دەق لە سەرانسەری جیهاندا.(بڕوانە:50-47 :Arora,2020 ).

"وەکو چەمك پۆست کۆڵۆنیاڵیزم کاریگەرییەکانی داگیرکار لەسەر کەلتور و کۆمەڵگاکان دەگرێتەوە و زاراوەی پۆست کۆڵۆنیاڵیزمیش بەپێی بەکارهێنانی ئەو کەسانەی کە مێژووەکەیان نوسیوەتەوە، لە بنەڕەتدا لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە لە چەند سیاقێکی وەك وڵاتی پاش کۆڵۆنیاڵیزم بەکارهاتووە و واتایەکی مێژوویی زنجیرەیی ڕونی هەیە، کە ئاماژەیە بۆ ماوەی دوای سەربەخۆیی، هەر چۆنێك بێت ڕەخنەگرە ئەدەبییەکان لە کۆتاییەکانی حەفتاکان بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی کاریگەرییە کەلتورییە هەمەجۆرەکانی داگیرکاری بەکاریانهێناوە"(اشکروفت،جریفیث،تیفین،2010: 282-283)

کریس ویدۆن(chris weedon)دەڵێت: "زاراوەی پۆست کۆڵۆنیاڵیزم بەپێی ئەو کۆنتێکستەی، کە تێیدا بەکاردێت چەند واتا و دەلالەتێکی هەیە. لە هەندێك باردا لەڕێگەی زەمەنییەوە درك دەکرێت، کە لەدوای دیاردەی داگیرکاری، کە لە ڕابردودا هەبووە دێت. لە هەندێك باری تردا وەکو شێوازێکی ڕەخنەیی هەژماردەکرێت، کە پێداگری لەسەر گومان خستنەسەر تەواوی میکانیزمەکانی کۆنترۆڵکردنی داگیرکاریانە(سيطرة الاستعمارية) و ئاسەوارەکانی ئەم داگیرکارییە لەکاتی ئێستا دەکات."(ویدون،2018: 238).بەمپێیە سروشتی بەکارهێنانی زاراوەکە و ئەو کۆنتێکستەی، کە تێیدا دەردەکەوێت وادەکات ڕوبەڕوی واتا و دەلالەتی جیاواز و فرەچەشن ببینەوە و لای ڕەخنەگرانێك پەیوەستی سیاسەت و لای کەسانێکی دیکە پێگەی جوگرافی و لای هەندێکی دیکەش بە زمان و ئەدەب دەبەسترێتەوە.

ڕەنگە پێناسەکردنی پۆست کۆڵۆنیاڵیزم هێندە ئاسان نەبێت بەهۆی ئەوەی هەڵگری کۆمەڵێك دەلالەتی مێژوویی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی قوڵە و دیدگا و ڕەهەندی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، بۆیە هەر ڕەخنەگر و تیۆریستێکی ئەم تیۆرییە بەو چەشنەی، کە لەگەڵ بیروڕاکانی دێتەوە پێناسەی کردووە، لەبەر ئەمەشە ژمارەی پێناسەکان ڕۆژ دوای ڕۆژ بەرەو زیاتر دەچن، ئەوە هەیە کۆی ئەم پێناسانە لە خاڵێکی جەوهەریدا یەکدەگرنەوە ئەویش وەك (کلیگز)دەڵێت: پۆست کۆڵۆنیاڵیزم سەردەمی دوای حوکمڕانیەتی کۆڵۆنیاڵییە.(کلیگز ،1399: 211).

بە گوتەی(ڤان دایك)"تیۆری پۆست کۆڵۆنیاڵیزم وەکو تیۆری گوتاری ڕەخنەیی زیاتر تێڕوانینی کەسانێك دەخاتەڕو، کە بەرگەی قورسترین ئازار لە سیستمی سیاسی-کۆمەڵایەتی دەگرن و ڕەخنە لە کەسانێك، یا کەلتورێك، یا سیاسەتێك دەگرن، کە بووەتە هۆکاری ئەم نایەکسانییانە."(افضلی و عتابی و گندمی،2019: 17).لەمەشەوە گوتاری پۆست کۆڵۆنیاڵیزم بە پلە یەك پەیوەست دەبێت بە گەلانی ستەمدیدە و بەشخوراو، کە لە پرۆسەی داگیرکاریدا بەشێکی زۆری کەلتوری نەتەوەییان لەدەستداوە و کۆمەڵێك شتی دیکەیان لەسەر بارکراوە، کە لە ئەسڵدا هی خۆیان نییە و بەهۆی هێز و دەسەڵاتی سەربازییەوە بەسەریاندا سەپێندراوە، بۆیە هەمیشە لە هەوڵی هاوتاکردنەوەی ئەو مافەن، کە لێیان زەوتکراوە.

(جۆناتان کالەر)باوەڕی وایە، کە "تیۆری پۆست کۆڵۆنیاڵیزم و ئەوەی لەم بوارەدا نوسراوە هەوڵێکبووە بۆ دەستوەردان لە دروستکردنی کەلتور و مەعریفە و بۆ ڕۆشنبیرانێك، کە پێوەندییان بە کۆمەڵگا پۆست کۆڵۆنیاڵیزمەکانەوە هەیە، ئەم بوارە هەوڵێك بووە بۆ ئەوەی مێژوێکی تایبەت بەو کۆمەڵگایانە بنوسنەوە، کە کەسانی دیکە نوسیویانە"(کالەر،2018: 285).ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە ڕەخنەگر و تیۆریست و بیرمەندانی تیۆری پۆست کۆڵۆنیاڵیزم بەدوای ئەوەوەن، کە کۆی کایە مەعریفییەکانی ئەو نەتەوە و وڵاتانە بپشکننەوە، کە پێشوتر لەلایەن کەسانێك بە ڕۆحیەتێکی نادادپەروەرانە نوسراون، یان ئەوەی کە بواری ئەوە نەبووە دەست بۆ ئەم دۆکیۆمێنتانە ببردرێت و لەم هەوڵەشدا بێگومان بە چاوێکی دیکەوە لە شتەکان دەڕوانن و شتگەلێکی نوێ و تازە ئاشکرادەکەن، کە پێشوتر بە هۆکاری ئایدۆلۆژیی و بیروباوەڕ و سیاسەتەوە فەرامۆشکراون.

بە دەربڕینێکی دیکە" تیۆری پۆست کۆڵۆنیاڵیزم بەدوای ئەوەوەیە تا ئامرازی نواندنەوە و ئیمکانی قسەکردن بداتە دەست کەسانێکی دیکە، کە لە ئەنجامی سەرکوتکاری کەلتوری، سیاسی، ئابوری و...هتد خراونەتە پەراوێزەوە.ڕەخنەگرانی پۆست کۆڵۆنیاڵیزم بەدوای دورکەوتنەوە لە سێنتەر و ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکانی بەرەو دەنگە پەراوێزییەکان."( صالح بك و سلطانی و دهقانی،1398: 64). لێرەشەوە گیانێکی نوێ بەبەر جەستەی کەلتور و ئەدەبیاتدا دەکرێت و لەپاڵ ئەدەب و کەلتوری نەتەوە گەورە و ناسراوەکان دەنگ گەلێکی تازە دەهێنرێنە ناو ئەدەبیاتی جیهانییەوە، کە پێشوتر هیچ کەسێك ناوی نەبیستون، یا ڕێگەنەدراوە کەلتورەکانیان بناسێنرێن و بواری خۆدەرخستنیان پێبدرێت.

"پۆستکۆڵۆنیاڵیزم ناوی ئەو سیاسەت و فەلسەفەی خەباتکردنە دەهێنێت کە دژی لاسەنگین و بەردەوامن لەسەر ئەو خەباتی دژە داگیرکارییەی کە لە ڕابردودا کردویانە، بە ڕێگایەکی تازەترەوە."(یۆنگ،2019: 15). بەمەش پۆست کۆڵۆنیاڵیزم دەبێتە ئامرازێك بەدەست ڕەخنەگرانەوە تاوەکو کەلتوری وڵاتانی جیهانی سێیەم و ئەوانەی کە بە شێوەیەك لە شێوەکان پەراوێزخراون بکەنە تیشکۆی لێکۆڵینەوەکانیان، چونکە ئەم تیۆرە لەوەتەی دەرکەوتووە ڕۆژ بە ڕۆژ مەودا و سنوری کارکردنی فراوانتر بووە و سەرەتا زیاتر لە سنوری ئەدەبیاتی ئەو وڵاتانە کاریکردووە، کە بە جۆرێك لە جۆرەکان لەژێر چەپۆکی داگیرکاریی ئیمپریالیستە گەورەکانی وەك بەریتانیا و فەڕەنسا و ئیسپانیا و پورتوگال دابوون، بەڵام لەمڕۆدا دەست بۆ تەواوی ئەو کەلتورانە دەبات، کە بە

جۆرێك لە جۆرەکان ماکی شوێنکەوتەیی و پەراوێزییان پێوەدیارە.
بە دەربڕینێکی گشتگیرانەتر "پۆست کۆلۆنیاڵیزم داوای مافی یەکسان و دادپەروەرانە بۆ هەموو مرۆڤێکی سەر ئەم زەوییە دەکات، هەم لەڕوی ماددی و هەمیش لەڕوی کەلتورییەوە."(یۆنگ،2019: 11).ئەمەش لە خودی خۆیدا لەخۆگری فەلسەفەیەکی هیومانیستی بێ لایەنانەیە، کە هەوڵدەدات بە جۆرێك لە جۆرەکان سەردەستەیی و ژێردەستەیی ڕەتبکاتەوە و ئەو دوالیزمە بسڕێتەوە، کە وڵاتانی بەهێز لەپێناو بەرژەوەندی خۆیان لە سەرزەمینەکانی دور لە خۆیان دروستیان کردووە، بە تایبەت لەم ڕۆژگارەدا، کە ئامرازەکانی داگیرکاری فرەچەشن بوون و هێرشکارە کەلتورییەکان{بە تایبەت وڵاتانی خۆرئاوایی} بە شێوەیەکی جیاوازتر لە دەرەوەی دەسەڵاتی سەربازی هەوڵدەن لە چەند ڕێگەیەوە کەلتورەکەیان بەسەر وڵاتانی دیکە بسەپێنن، بۆیەشە بە پلە یەك "ڕەخنەی پۆستکۆلۆنیاڵیزم لە هەوڵی سڕینەوەی ڕەگەزپەرستی و نەتەوەپەرستی و ئەویترسازیی سەرکوتکارانەی ڕۆژئاوایە کە لە ئەمڕۆدا بە هاوکاریی بەرهەمی کەلتوری و ئەدەبی و هزری ڕۆژئاوایی پەرەی پێدەدرێت"(زەند و نادر،2023: 418)
لە کۆی ئەوانەی گوتران دەتوانین بە کورتی بڵێین پۆست کۆلۆنیالیزم لە ئەدەبدا بریتییە لە تیۆرێکی ئەدەبی هاوچەرخ، کە کەلتور و ئەدەبیاتی وڵاتانی داگیرکراو لە سەرانسەری جیهان دەکاتە کەرەسەی لێکۆڵینەوەی خۆی و گرنگی دەدات بەو خەڵکە ستەمدیدەی، کە بە جۆرێك لە جۆرەکان توشی سڕینەوەی کەلتوری و پەراوێزخستن بوونەتەوە، هەروەك گرنگی بەو بەرهەمە ئەدەبییانەی وڵاتانی داگیرکەر دەدات، کە بە جۆرێك لە جۆرەکان ئایدۆلۆژیای داگیرکاریی تیایاندا ڕەنگی داوەتەوە.

## 2.کەلتور و ئەدەب وەك کەرەستەیەکی گوتاری پۆست کۆلۆنیاڵی:

بەر لە هەر شتێك پێویستە ئەوەمان لە یاد بێت، کە گوتاری پۆست کۆلۆنیاڵیستی پشت بە تێکڕای ئەو کەرەستانە دەبەستێت، کە بە جۆرێك لە جۆرەکان ئایدۆلۆژیا تێیاندا ڕەنگدەداتەوە و تیۆریستانی ئەم بوارەش ئەم ڕاستییەیان نەشاردۆتەوە ئەوەتا سپیڤاك، کە یەکێکە لە ڕەخنەگرە دیارەکانی ئەو تیۆرە دەڵێت: "من فرەپیشەم(bricoleur) و سود لە هەموو ئەوانە وەردەگرم کە لەبەردەستدا هەن".(یانج،2003: 323). هەروەها(ئێدوارد سەعید)کە بە سەرئامەدی دەرکەوتنی ئەم تیۆرە ناودێرکراوە ئاماژە بەوە دەکات،"کە نەخشە جوگرافییەکان بە تەواوەتی نیشاندەری دنیای واقیعی، یا ڕێگەیەك بۆ نیشاندانی شوێنی ڕوبارەکان و چیاکان نین، بەڵکو نەخشەکان دەقگەلێکن وەکو دەقە ئەدەبییەکان، کە ڕوانگەیەکی کەلتورییان لەتەك دایە واقیعیەتێك دەخولقێنن کە بنیاتەکەی ئایدۆلۆژییە."(کلیگز،1399: 214). ئەوەش دەرخەری جیاوازی بنەڕەتی ئەو تیۆرەیە لەگەڵ تیۆرەکانی پێش خۆی، کە تەنیا سودیان لە شتگەلێکی دیاریکراو وەردەگرت بۆ خوێندنەوە ڕەخنەییەکانیان.
یەکێك لەو کەرەستە سەرەکییانەی، کە لەم تیۆرەدا زۆر جەختی لەسەر دەکرێت کەلتورە، کە ئەدەبیش بەشێکی دانەبڕاوە لە کەلتوری هەر نەتەوەیەك، بۆیە زۆرینەی کات ئەدەب وەکو ئامرازێکی گرنگ لە شیکردنەوە پۆست کۆلۆنیاڵییەکاندا سودی لی وەردەگیرێت، چونکە وەکو پێگەیەکی گرنگی دەرکەوتنی ئایدۆلۆژیاکانی داگیرکەر و داگیرکراو لێیدەڕواندرێت.
"ئەدەب بنچینەییە بە تایبەت سەبارەت بە گەڵاڵەکردنی گوتاری کۆلۆنیاڵی، لەبەرئەوەی کار لە خەڵك دەکات وەك تاکەکەس، بەڵام دەقە ئەدەبییەکان دەشکرێ خەبات لە دژی ئایدۆلۆژیا باڵادەستەکان بکەن."(لومبا،2018: 96).بەو پێیەش ئەدەب دەبێتە ئامرازێکی دوو سەرە، کە کۆلۆنیکەر لەپێناوی پەخشکردنی ئایدۆلۆژیاکانی بەکاریدەهێنێت، لە بەرانبەریشدا کۆلۆنیکراو وەکو ئامرازێك بۆ ڕوبەڕوبوونەوەی داگیرکەر پشتی پێدەبەستێت و ئایدۆلۆژیاکانی خۆی تێدەئاخنێت.
بە گوتەیەکی دیکە لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەدا"ئەدەب بە ئامرازێکی گرنگ دادەنرێت بۆ دەستگرتن بەسەر ئامرازە باوەکانی نواندن و ئایدۆلۆژیا کۆلۆنیاڵییەکان، یاخود هەڵگێڕانەوە یان گژبەریکردنی هەردووکیان."(لومبا،2018: 92).

### 3. ئەویتر:

یەکێك لەو چەمکە سەرەکیانەی، کە لە گوتاری پۆست کۆلۆنیاڵیزمدا جێی بایەخێکی زۆرە ئەویترە، کە بە شێوەیەکی گشتی هەمیشە بەرانبەر بە خود دەوەستێت.
"زاراوەی ئەویتر(other) بە کەسێك دەگوترێت، کە جیاوازە لەو پێوارانەی دامەزراوەیەك، کە گروپە کۆمەڵایەتییەکان وەکو بوونێکی تایبەت جیادەکاتەوە، بە دەربڕینێکی دیکە بریتییە لەو بارەی کە تێیدا بوون جیاوازە لە خود، هەروەها دەشێت ئاماژە بۆ ئەو جیاکردنەوەیە بکرێت، کە مرۆڤ بۆ جیاکردنەوەی نێوان خۆی و ئەویتر لەڕوی جیاوازییە عەقڵی و ئێتنیکی و سێکسواڵییەکان پشتی پێدەبەستێت."(المزروعی، 2007: 37).
بوونی ئەویتر مەرجێکی بنەڕەتییە لە ناساندنی خود و ئەویتر وادەکات، کە خودەکان خۆیان لەسەر شێوەیەکی جیاواز ببینن و ئەم جیاوازییەش وادەکات دابەشکارییە ڕەگەزی و نەتەوەییەکان بێنەکایەوە.
"ئەویتر(other) بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەیە بۆ کەسێکی جیاواز لە خود. بوونی ئەوانیتر شتێکی پێویستە بۆ پێناسەکردنی ئەوەی(ئاسایی)ە، هەروەها دیاریکردنی پێگەی مرۆڤ لە جیهان. لەمیانەی گوتارگەلێکی وەك بەربەرییەت و خواردنی گۆشتی مرۆڤ وەکو ئامرازێك بۆ چەسپاندنی جیاکردنەوەی دوانەیی نێوان کۆلۆنیکەر و کۆلۆنیکراو، هەروەها جەختکردنەوەی سروشت و ئەولەویەتی کەلتوری کۆلۆنیاڵی و جیهانبینییەکی گشتی بۆ جیهان خودی کۆلۆنیکراو بە ئەویتر وەسفدەکرێت."(اشکروفت،جریفیث،تیفین،2010: 262-263).
ئەویتر پێویستییەکی دانەبڕاوە بۆ خودی مرۆڤ، چونکە ئێمە ناتوانین وێنەی هیچ چرکەساتێکی بوونی خۆمان بکەین، ئەگەر چاو لەویتر نەبڕین، بەڵام ئەویتریش لە بارێکدا نییە هەمیشەیی بێت و گۆڕانی بەسەردا نەیەت،"ئەویتر بەپێی سروشتی پێوەندییەکانی نێوان کۆمەڵەکان و بەرژەوەندی تێکڕای کۆمەڵەکان لە جێبەندی کۆمەڵایەتیی و سیاسییان لەگەڵ کۆمەڵەکانیتر دەگۆڕێت، دوژمن دوای ماوەیەك دەبێتە دۆست و دۆستیش لە کاتێکی دواتردا دەبێتە دوژمن."(لعیبی،2011: 6).کەواتە ئەویتر لە بارودۆخێکی جیوەیی دایە و بەپێی هاتنەپێشەوەی هەلومەرج و گۆڕانکارییەکان گۆڕانی بەسەردا دێت.
لە پڕۆسەی کۆلۆنیاڵیدا ئەویتر ڕۆڵ دەبینێت لە دروستکردنی ئەو دیوارە کۆنکرێتییەی، کە لە نێوان کۆلۆنیکەر و کۆلۆنیکراودا هەیە و کۆلۆنیکەر هەمیشە لە ڕێگەی جیاوازی خستنە نێوان خۆی و کەسی بەرانبەر ناسنامە وەردەگرێت و هەوڵدەدات خودی داگیرکراو بسڕێتەوە و ئەمەش وادەکات خودی کۆلۆنیکراو ڕوبەڕوی نامۆبوون ببێتەوە. لەمبارەیەوە فانۆن دەڵێت:" لەبەر نەفیکردنی سیستەماتیکی ئەویتر و بڕیاردانێکی شێتگیرانەی نکۆڵیکردن لە هەموو خاسییەتە مرۆییەکانی ئەویتر، کۆلۆنیاڵیزم ئەو خەڵکەی کە داگیرکردون ناچار دەکات بەردەوام ئەو پرسیارە لە خۆیان بکەن: لە واقیعدا من کێم؟"(یۆنگ،2019: 238).
لێرەدا پێویستە لەگەڵ ئەویتردا ئاماژە بە پڕۆسەیەکی دیکە بکەین، کە سەرچاوە و

کانگای دروستبونی ئەویترە، ئەویش ئەویترسازییە.

"ئەویترسازی(othering)گایاتری سپیڤاك ئەم زاراوەیەی دارشتووە، کە ئاماژەیە بۆ پرۆسەیەك، کە گوتاری ئیمپریالی لە ڕێگەیەوە (ئەوانیتر)بەرانبەر بە(خود)ی خۆی دروستدەکات."(اشکروفت،جریفیث،تیفین،2010: 265).پرۆسەی ئەویترسازی لەلایەن کۆلۆنیکەرانەوە بە سیستماتیکی بەڕێوەدەچێت و هەر خودێکی داگیرکەر بەر لە هەر شتێك بۆ سەپاندنی هێز و دەسەڵاتی بەسەر داگیرکراودا دەست بۆ ئەویترسازی دەبات.

فرانتز فانۆن بۆ شیکردنەوەی چۆنیەتی ئەویترسازی سودی لە تێزەکانی لاکان لەبارەی ناسنامەوە وەرگرتووە."ژاك لاکان لە لێکدانەوەی ئەوەی کە خۆی بە(قۆناغی ئاوێنەیی)ناویدەنێت سەرەتا و سەرچاوەی ناسنامەی بەو چرکەساتە گرێداوە، کە منداڵ لەگەڵ وێنەی خۆی لەبەردەم ئاوێنەدا خۆبەوەیترکردن ئەنجام دەدات، خۆی وەکو گشتێك درك دەکات، وەکو شتێك، کە دەخوازێت ئەو شتە بێت. خۆ(جەوهەر=self) لە ڕەنگدانەوەیەك، کە ئاوێنە یا دایك و کەسانیتر لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی گشتی نیشانی دەدەن دروست دەبێت. ناسنامە بەرهەمی زنجیرەیەکی خۆبەوەیترکردنی ناتەواوە، کە هەرگیز تەواو نابێت"(کالەر،2018: 254).

بە سودوەرگرتن لەم قۆناغە، فانۆن هاتووە شیکاری ئەو پرۆسەیەی کردووە، کە لە پرۆسەی کۆلۆنیالیدا چۆن ئەویتری سپیپێست و ڕەشپێست دروست دەبن، یا لەیەکتر دەڕوانن.

فانون دەنوسێت:"کاتێ مرۆڤ لەو میکانیزمە تێدەگات کە لاکان باسی کردووە، هیچ گومانێکی لەوە نابێ کە ئەویتری ڕاستەقینە بەلای پیاوی سپی پێستەوە پیاوی ڕەشپێستە و هەر وایش دەمێنێتەوە. پێچەوانەکەیشی ڕاستە، تەنیا بەلای پیاوی سپی پێستەوە ئەویتر لەسەر ئاستی وێنەی جەستە دەبینرێ نەك تەواو وەك خودەکە خۆی، کە پێناسەکردن و لێتێگەیشتنی مومکین نییە. بەلای پیاوی ڕەشپێستەوە... ڕاستییە مێژوویی و ئابورییەکان لە وێنەکەدا ئامادە دەبن."(لومبا،2018: 168). بە بڕوای فانۆن داگیرکەر هەمیشە وادەکات ئەو نمونەیە بێت، یا شوێنی ئەو ئاوێنەیە بگرێتەوە، کە لە ڕێگەیەوە داگیرکراو سەیری خۆی دەکات.

بە بڕوای فانون داگیرکەر زۆر کارامانە هەوڵی ئەویترسازی دەدات و لە ڕێگەی بەکارهێنانی کۆمەڵێك ئامرازەوە وادەکات، کە ئەویتری کۆلۆنیکراو هەمیشە ئارەزوی شوێن و پێگە و تەنانەت ڕەنگی پێستی خودە داگیرکەرەکانی هەبێت. "لە پێستی ڕەش، ماسکە سپیەکاندا باسی ئەوە دەکات کە ژن و پیاوە ڕەش پێستەکان پێشتر تەنها بۆ سەبجێکتە کۆلۆنیالەکان لە ڕژێمی ئیمپریالیزمی فەرەنسیدا وەرنەگێردراون، بەڵکو زۆر سایکۆلۆجییانە وەرگێردراون، خواستەکانیان گۆڕدراوە بۆ فۆڕمی جیاوازی تر، ئارەزوی سپی بوونیان لە ڕێگای دۆنادۆنەوە لا دروستکراوە. ئارەزووەکانیان ئالوگۆڕ کراوە، هەرچەندە هەرگیز بە ڕاستی نابنە سپی پێست. ئەوان پێستی ڕەش و ماسکی سپییان هەیە."(یۆنگ،2019: 246). لەم دیدگایەشەوە وەکو فانۆن ئاماژەی پێکردووە هیچ کاتێك ئەویتری داگیرکراو ناگات بە خودی کۆلۆنیکەر، واتە کارەکە تەنیا ئارەزوێکە نەوەك لە دونیای واقیعدا ئەنجامێکی هەبێت، چونکە کۆلۆنیکراو هەرگیز ئەویتری داگیرکراو وەکو تاکێك، یا ئەندامێك لەو کۆمەڵگا باڵایە پەسەندناکات، کە خۆی تێدایەتی.

## 4. کورتەیەك لەبارەی ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی:

ئەم ڕۆمانە خاوەن قەوارەیەکی گەورەیە و لەدووتوێی کتێبێکی(721)لاپەڕەی وەزیری لە ساڵی 2020 لە سلێمانی چاپکراوە. بەرگی ڕۆمانەکە لە ناوەڕاستەوە کراوە بە دوو بەش. بەشی سەرەوەی ئاسمانێکی ڕەنگ زەردی مەیلەو پرتەقاڵی و بەشی خوارەوەشی چیایەکی ڕەنگ قەترانییە و لەسەر ئەم چیایە شەش کەس بێ ئەوەی ڕوخساریان دیار بێت بە ڕەشێکی تۆخ نیشاندراون و لای ڕاستیان داربەڕوێکی ڕەشە و لەگەڵ چیاکە ئاماژەن بۆ میللەتی کورد. دوا کەس لەم شەش کەسە کۆڵەپشتێکی پێیە، کە دەلالەت لە کۆچی هەمیشەیی کوردان دەکات.

ڕۆمانەکە لە کرۆکیدا کاری لەسەر بابەتەکانی پەیوەست بە زمان کردووە، بە وتەیەکی دیکە تیمەی سەرەکی ڕۆمانەکە وروژاندنی پرسی زمانی داگیرکەر و داگیرکراو و ئەو بۆشاییەیە، کە لەنێوان ئەم دوو زمانە دروستبووە، کە دواجار ڕۆڵیان لە دروستبوون و شێوەگیربوونی ناسنامەی کورد و تورك و باری کۆمەڵایەتییان دەبێت.

نوسەر لەم ڕۆمانەدا بەراورد بە نوسینەکانی دیکەی پتر ئیشی لەسەر زمانی دەقەکەی خۆی کردووە، بۆیە خوێنەر بەڕونی هەست بەوە دەکات لەم دەقەیدا بە هەموو ئەو کەموکوڕیی و ڕەخنانەدا چۆتەوە، کە پێشتر لە ڕۆمان و نوسینەکانی دیکەدا لێیگیراوە و هەوڵیداوە چاکسازی لە زمانی دەربڕینی دەقەکەی بکات و ئاستی شیعرییەتی زمانەکەشی بەرەو پێشتر ببات.

خاڵی هەرە جیاکەرەوەی ئەم ڕۆمانە لەگەڵ ڕۆمانەکانی دیکەی هەمان نوسەر ئاسانی و سادەیی زمانەکەیەتی. زمانی دەقەکە پتر زمانێکی وەسفییە و نوسەر زۆر خۆی پێوەند کردووە بە نیشاندانی باری جەستەیی و دەرونی کارەکتەرەکانی. زۆرینەی کارەکتەرەکان بەپێی پلە و ڕۆشنبیری خۆیان قسەدەکەن و کەمتر نوسەر بۆچوونەکانی خۆی بەسەریاندا دەسەپێنێت، بۆیە لە زۆر شوێندا چاومان بە وشە و دەستەواژەی نەشیاو و نەگونجاو، جوێنی پیس و بازاڕی دەکەوێت ئەمەش پتر سەلمێنەری ئەو بۆچوونەن، کە نوسەر وەکو کامێرەمانێك بەرانبەریان وەستاوە و ڕاستەوخۆ وێنەی گرتون. بە دەربڕینێکی دیکە ئەم ڕۆمانە دەقێکە ئاساییترین خوێنەر دەتوانێت لێی تێبگات و هیچ ئاڵۆزیی و پێچاوپێچییەکی وای لەخۆنەگرتووە، کە سەر لە خوێنەر بشێوێنێت. گێڕەرەوەی ڕۆمانەکە لە زۆرینەی شوێنەکان گێڕەرەوەیەکی هەمووشتزانی دەرەکییە و زانیاییەکان بە ئامادەیی دەداتە خوێنەر و ئەمەش یارمەتیدەرێکی باشە لە درککردنی ڕوداو و بەسەرهاتەکان بۆ خوێنەری ئاسایی. هەموو ئەمانەش نەبوونەتە هۆی شکاندن و نزمکردنەوەی ئاستی شیعرییەتی دەقەکە. بە پێچەوانەوە شیعرییەتی ڕۆمانەکە لە ئاستێکی باڵای هونەریی دایە و مەودایەکی زۆری لەگەڵ زمانی ئاخاوتندا هەیە.

ڕۆمانەکە خاوەنی زمانێکە تێکەڵەیەکە لە مێژو و خەیاڵ، مێژوێکی ڕاستەقینە کە دریژکراوەی ڕوداوەکانی سەدەی بیستەمە و نوسەر بە وردەکارییەوە بەشێکی زۆری ڕوداوەکانی لە مێژووی هاوچەرخی تورکیا وەرگرتووە. ئەم ڕوداوانە کەم تا زۆر ئامادەییان لە هزری تاکی کورددا هەیە وەك قەدەغەکردنی زمان لە دەستوری نوێی تورکیا، کۆمەڵکوژی دۆڵی زیلان و سەیید ڕەزای دەرسیم، بەشداری تورکیا لە شەڕی کۆریا، دروستبوونی پارتی کرێکارانی کوردستان، کودێتاکانی ناو تورکیا و پارت و ڕێکخراوەکان...بەڵام وەکو ڕاپۆرتنوس نەهاتووە ئەم ڕوداوانەمان بۆ بگێڕێتەوە، بەڵکو لەپشتی ئەم ڕوداوانە کارەکتەرانێك دەخوڵقێنێت، کە هەر یەکێکیان چمکێکی ژیانی تایبەتی خۆیان باس دەکەن و دەبن بە نوێنەری نەتەوە و گروپێکی کۆمەڵایەتی، لەمەشدا شارەزایانە دەستی بۆ هەڵبژاردن و چێکردنی ناوی کارەکتەرەکان بردووە و زۆرینەی ناوی کارەکتەرەکان لە دوو یا سێ بەش پێکهاتوون

و ئەم بەشانەش کەم تا زۆر ڕەنگدەرەوەی کار و کردەوەی کەسایەتییەکان و بەشێکی گرنگی کردەوەی کەسەکانیان لەخۆگرتووە.
لەڕوی تەکنیکی زەمەنییەوە ڕۆمانەکە ماوەیەکی زەمەنی دورودرێژی لەخۆگرتووە و لە مایسی 1945ەوە ڕوداوەکان دەستپێدەکەن تاوەکو 1994 بەردەوامییان دەبێت. لەمەدا نوسەر بەپێی هێڵێکی زنجیرەیی ڕوداوەکان ناگێڕێتەوە، بەڵکو پشتی بەچەند نەسەقێك بەستووە و لە هەر بەشێکی ڕۆمانەکەدا نوسەر ساڵ و مانگ و ڕۆژی دیاریکردووە و زۆرینەی ڕوداوەکانی لە ساڵانی 1945 و 1946 و 1978دا بەرجەستە دەبن.
سەبارەت بە شوێنیش زۆرینەی ڕوداوەکانی ناو ڕۆمانەکە لە باکوری کوردستان و بە تایبەت شاری دیاربەکر و بەشێکی دیکەشیان لە ئەستەمبۆڵ و شارو شارۆچکەکانی دیکەی تورکیا ڕودەدەن و لە هەندێك باری دەگمەنیشدا بەتایەت لە دواساتی ڕۆمانەکەدا کاتێك بەشێك لە کارەکتەرەکان سەری خۆیان هەڵدەگرن ڕوبەڕوی شوێنگەلێکی دیکەی وەك تەورێز و زاخۆ دەبینەوە.

## 5.ئەویتر لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکیدا:

لە ڕۆمانی(داگیرکردنی تاریکی)دا نوسەر هەوڵیداوە لەسەر چەند شێوەیەکی جیاواز و لە ڕێگەی کارەکتەری جیاوازی ناو ڕۆمانەکە ئەویتر نیشان بدات، هەروەك ئیشی لەسەر پڕۆسەی ئەویترسازی کردووە. دەتوانین لە دوو ڕوانگەوە ئەویتری ناو ڕۆمانەکە سەیر بکەین.
یەکەم: لە ڕوانگەی کۆڵۆنیکەرەوە: گومان لەوەدا نییە، کە کۆڵۆنیکەر بە چاوێکی جیاواز سەیری کۆڵۆنیکراو دەکات و هەموو کات بە چاوێکی نزمتر لە خۆی و تاکەکانی ناو کۆمەڵگەی خۆی لێیدەڕوانێت، جگە لەمەش هەمیشە ئەو بە وێنەیەکی شێواو و پەراوێزی خودی خۆی سەیردەکات. باشترین نمونەی ئەمجۆرە ڕوانینە لە کەسایەتی تاریق ئاکانسو بەرجەستە دەبێت. ئاکانسو بیروڕای خودێکی کۆڵۆنیکەر نیشان دەدات، کە هەمیشە کۆڵۆنیکراو بە مرۆڤێکی دەرەوەی کۆمەڵی خۆی سەیردەکات و چی سیفاتی خراپ هەیە لە بوونی ئەودا کۆیدەکاتەوە و بەدوای ئەوەوەیە بە جۆرێك لە جۆرەکان بیسڕێتەوە، یا هەر نەبێت بیکات بەو خودەی کە خۆی مەبەستیەتی و بۆ ئەم کارەش سود لە هەموو تەکنیکێکی خۆسەپێنی وەردەگرێت.
ئەویتری داگیرکراو(کورد)لە چاوی ئاکانسودا کەسێکی بێ مێژووە، بێ کەلتورە، بێ ناسنامەیە، بێ زمانە."کاتێك هات بۆ ئەم هەرێمە وەك شوێنکارێکی نمونەیی بۆ خۆی سەیریدەکرد، سەرزەمینێکی نوقسان، سەرزەمینێك نە مێژووەکەی لە مێژوی بەشەکانی تورکیا دەچێت، نە خەڵکەکەی زمانێکیان هەیە پێی بدوێن، نە میللەتێك لەسەر دەژی ناسنامەی هەبێت."(عەلی،2020: 34). ئاکانسو نمونەی هەر داگیرکەرێکی دیکە کۆمەڵێك پاساو دادەتاشێت تا دەست بەسەر ئەو شوێنە بگرێت، کە مولکی خۆی نییە، ئەو وا خۆی دەبینێت، کە خاوەن هەموو شتێکە و هیچ جۆرە کێماسی و کەموکوڕییەکی تێدا نییە، پێچەوانەی ئەمە تەنانەت حیسابی بوونەوەرێکی ساغیش بۆ ئەویتر ناکات، ئەویتر لە هزری ئەودا هیچ مێژوێکی نییە تا وەك ئەو شانازی بە خۆیەوە بکات، زمانێکی نییە لە ڕیزی زمانە زیندووەکانی دنیا، ناسنامەیەکی دیاریکراوی نییە تا لەسەر ئاستی جیهان پێیەوە بناسرێت.
کورد لە چاوی ئاکانسودا بوونەوەرێکی شێواو و تورکێکی کێوییە و خاوەنی زمانێك نییە."من چەند وەختە لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ دەسوڕێمەوە تورکە کێوییەکانی ئەوێ، نەوەك ئۆپێرا بەڵکو خاوەن زمانیش نین، کەسێکیان لە تورکی تێناگات. کۆمەڵێك مەخلوقاتی شێواون تا بڵێی لە ڕوقی و گەشەی ئینسانیدا لە دواوەن."(عەلی،2020: 38). لە چاوی ئاکانسودا کورد هیچ نییە، جگە لە تورکێکی کێوی دابڕاو لە گەشەسەندن و شارستانییەت و ئەوان تەنانەت ڕەنگ و ڕوخساریشیان شێواو و ناتەواوە، چونکە لە دەرەوەی بازنەی تورکبووندا دەسوڕێنەوە.
ئەویتر لای ئەکانسو لە دەرەوەی ئەو ڕەوتە تازەیەی جیهانە، کە تورکیش وەك نەتەوەیەکی پێشکەوتنخواز تێیدا بەشدارە، تاکی کورد تاکێکە هێندە دواکەوتووە، کە تەنانەت عەقڵی بەشی ئەوە ناکات بتوانێت ئوتۆمبێلیش لێبخوڕێت."ئاکانسو سوربوو لەسەر ئەوەی شوفێری ماشێنەکە سەربازێکی دڵسۆزی تورك بێت، خواستێکی نەبوو سەلامەتی منداڵەکانی بداتە دەست خەڵکی ئەم ناوچەیە کە عەقڵیان لەوە لەدواترە بتوانن باش شوفێری بکەن."(عەلی،2020: 55).ئەمەش ئایدۆلۆژیایەکە، کە خودە کۆڵۆنیکەرەکان هەمووکات بۆ ڕەوایەتیدان بە پڕۆسەی چەوسانەوە و داگیرکاری و هێرش و پەلامار بۆ ئەو ناوچانە پشتی پێدەبەستن، کە لەدەرەوەی سنوری جوگرافیایی خۆیانە.
ئاکانسو بۆ گەیشتن بە هۆمۆجینکردنی خاکی نەتەوە جیاوازەکانی ناو تورکیای ئەوسا سڵ لە هیچ شتێك ناکاتەوە و بۆ هێنانەدی ئەم مەرامە هەموو هەوڵێکی خستۆتەگەڕ تا بە هەر نرخێك بێت ئەو خاکە بکات بە موڵك دەوڵەتێك، کە هیچ مافێکی بەسەرییەوە نییە.((من هاتووم ئەم شوێنە لە ناخی مێژویەکی تاریکەوە دەربهێنم و بیکەم بە پارچەیەك لە سەرزەمینی کۆمارە خۆشەویستەکەمان، ناگەڕێمەوە تا ئەو کارە نەگەیەنمە ئەنجامی کۆتایی خۆی))(عەلی،2020: 71). کۆڵۆنیکەر زۆرینەی کات بیانوی  بۆ داگیرکاری خاك و سەرزەمین و نەتەوەیەکی دیکە ئەوەیە، کە خەڵکی ئەو ناوچانە لە تاریکی و بارێکی دواکەوتویی و نەفامیدا دەژین و ئەو بۆ ئەوە دەیت تاوەکو لەم بارە ناهەموارە دەریان بهێنێت، ئاکانسو وڵاتی ئەویتر(کوردان) بە سەرزەمینێکی تاریك دەبینێت، ئەو ناوچەیە لە چاوی ئەودا تاریکە و کەلتور و کۆمارەکەی خۆیشی پێچەوانەی تاریکی وێنادەکات، ئاکانسو دەیەوێت پێمان بڵێت کەلتوری تورك ڕوێکی گەش و ڕوناکی هەیە و ئەوەی لە دەرەوەی ئەمە بێت تاریکە، تورك شارستان و پێشکەوتوخوازە و ئەوەیتر کۆنەخواز و بەربەری و کێوییە. لە چاوی ئاکانسودا مرۆڤی کورد دڕندە و کێوییە و ڕاوکردنی ئەو مرۆڤە بە سەختترین شت ناودەبات."سەختترین شت بۆ ئێمە، ڕاوی ئینسانە کێوییەکانی ئەم سەرزەمینەیە"(عەلی،2020: 99).ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە کورد لە چاوی خودی کۆڵۆنیکەردا هەمیشە بە بوونەوەرێکی ڕامنەکراو و کێوی سەیری کراوە و بە کەسێکی نزمتر لە هاوڵاتیانی دیکەی تورك هاتۆتە ژمار.
ڕۆمانوس هەر تەنیا بەوانە نەوەستاوە لە زۆر شوێندا دیمەنێکی دیکەی لە کەسایەتی ئاکانسودا بەرجەستەکردووە. ئاکانسو کەسایەتییەکە دەست بۆ هەموو کارێکی نامرۆڤانە دەبات بۆ تواندنەوەی کورد و ئەوەی لەسەر زەوی کورداندا هەیە. یەکێك لە کارەکانی ئاکانسو تێکدانی ژینگەی کۆڵۆنیکراوە، ئاکانسو بڕوای وایە، کە نەك تەنیا مرۆڤی کورد، بەڵکو ئاژەڵانی ناو ژینگەکەشی هاوشێوەی خۆی مەترسیدارن و پێویستە کاریان لەسەر بکرێت ئەمەش بە ئاشکرا لەو ساتە دەردەکەوێت، کە ورچێکی ڕاوکراوی ئەم ناوچەیە لە دکتۆر ڕەمەزان دەکڕێت و لە قەفەزێکدا بەندی دەکات تاوەکو بۆ کوڕەکانی نیشان بدات، کە ئەوان لە سەرزەمینێکی کێوین، کە پێویستە وەك ئەم ورچە لە بەند بکرێن و ئازادییان لێ بسەنرێتەوە."دەزانن بۆ ئێمە هاتووین بۆ خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ؟ بۆ ڕاوی ئەم دڕندانە. بە وردی سەیری ئەم

ئاژەڵە گەورەیە بکەن، مۆن و کپ، بەڵام هەرگیز ئەو کپی و ئارامییەی نەتانخەڵەتێنێت، هەر یەکێك لە ئێمە بکەوینە بەر دەستی هەلاهەلامان دەکات.ئێمە لێرەین تا ببینە پاسەوانی ئەوەی ئەو ڕۆحە کێوی و دڕندە و ڕام نەکراوە بۆ هەمیشە لەم قەفەسەدا بمێنێتەوە."(عەلی،2020: 99).لە ڕوانگەی ئاکانسو مرۆڤی کورد وەکو ورچ کێوییە و بۆی هەیە لە هەر ساتێکدا پەلاماری دەوروبەر بدات و هەلاهەلای بکات، ورچێك، کە پێویستە تورك هەمیشە بۆی لە کەمین دابێت تاوەکو ڕاوی دەکات و لە قەفەسی بەندبکات، ئەوسا لەودیوی شیشەکانی قەفەسەکەوە بە ئارامی دەتوانێت سەیری بکات و ترسەکەی بڕەوێتەوە. لێرەدا، جگە لە ڕاوکردن و تێکدانی ژینگەی کۆڵۆنیکراو پەیامێکی دیکە لە وشەکانی ئاکانسووە دەخوێندرێتەوە ئەویش بە سوك سەیرکردنی تاکی کوردە و چواندنیەتی بە ئاژەڵێکی دڕندە، کە بە بۆچوونی کۆڵۆنیکەر تەنیا بە زیندانیکردن و لە قەفەسکردن دەبێتە تاکێکی دەستەمۆکراو و بێ ترس بۆ دەوڵەتی تورك و وەکو ورچ لە قەفەسدا زیانێکی نابێت، بەڵام هەر کاتێك دەرگای قەفەسی بۆ کرایەوە ئەوسا ڕۆحە دڕندەکەی دەردەکەوێتەوە و دەگەڕێتەوە سەر سروشتی کێوییانەی خۆی.

ئەم گوتاری وەحشیبوون و کێوییبوونەی ئەویتر، نەك هەر لای ئاکانسو وەك فەرمانبەرێکی دەوڵەت بگرە لەسەر ئاستە هەرە باڵاکەی حکومەتیش بانگەشەی بۆ دەکرێت."هەندێك لە ڕاوێژکارەکانی سەرۆك پێیان دەگوت(بەڕێز ئاکانسو، دەترسین چەند فەرەنسی و بەلژیکییەکان سەرکەوتوبون وەحشییەکانی ئەفریقا بکەن بە بەشەر، ئێمەش لەگەڵ ئەم قەومە وەحشیانەی خۆماندا هەر هەمان چارەنوسمان هەبێت)"(عەلی،2020: 149)وەك دەبینین ئەویتر بەلای دەوڵەتەوە مرۆڤێکی وەحشی و نەزانە، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئاژەڵ نییە، مرۆڤێکی کێوی و ڕامنەکراوە و پێویستی بەوە هەیە خودێکی دیکە پەروەردەی بکات و ڕایهێنێت.

ئەویتری کورد لە دیدی ئاکانسودا بە بەربەریەت و دڕندەیی جیادەکرێتەوە، ئەو کەسێکە دوژمنێکی دڕندەیە، مەرێکە لە پێستی گورگدا، کە هەر کاتێك دەرفەتی بۆ هەڵبکەوێت سڵ لە هیچ شتێك ناکاتەوە."ئەمانەی تۆ پێیان دەڵێیت جوتیاری بەستەزمان، لە بیست ساڵی ڕابوردودا سێ شۆڕشی خوێناوییان دژی دەوڵەت ئەنجامداوە. ئێمە لە خۆڕا بە تفەنگ و تێلا و قامچییەوە نەهاتوین بۆ ئێرە.ئەگەر ئەوەیان بۆ بچێتەسەر، ئەوکات من و تۆ وەك بزن سەردەبڕن و پارچەپارچەمان دەکەن."(عەلی،2020: 185). ئاکانسو بڕوای وایە، کە ئەویتر وەکو دڕکی ناو ئارد وایە و پۆرتریتێکی دڕندانەی هەیە و پێویستە مرۆڤی بەئاگا هەمیشە لە هەوڵی تەمبێکردنی بێت، چونکە بچوکترین غافڵبوون دەبێتە هۆی ئەوەی پەلامارت بدات و دەستی خۆی بوەشێنێت. ئاکانسو وەکو خودێکی ترسناك سەیری ئەویتری داگیرکراو دەکات و باوەڕی وایە، کە مرۆڤگەلێکن ڕۆحیەتێکی ئاژەڵانەیان تێدایە و کەسانێکن هەموو شتەکانی خۆیان لا پیرۆزە."شەڕ لەگەڵ دوپشك و چەقەڵ و پڵنگدا جیاوازی نییە لەگەڵ شەڕ لەگەڵ خەڵکی ئێرەدا. ئەم ماوەی ڕاوشکارە بە چاوی خۆم دەبینم، ئەوەی گوللە یەك دەنێیت بە باڵندەیەکیانەوە، وەك ئەوەیە گوللەیەك بنێیت بە دڵی خۆیانەوە، کاتێك درەختێکیان دەسوتێنیت وەك ئەوەیە خۆیانت سوتاندبێت، پیاڵەیەك شیری مانگاکەیان بدزە وەك ئەوەیە زێڕت لێ دزیبن.."(عەلی،2020: 393).

جگە لەمە تاریق ئاکانسو لە زۆر شوێنی ڕۆمانەکەدا وەکو خودێك دەردەکەوێت، کە گاڵتە بە زمانی نەتەوەی کۆڵۆنیکراو(ئەویتر) دەکات و بۆ نمونە لە شوێنێکدا کاتێك بەدوای وەرگێڕێکەوەیە زمان و خەڵکی کورد بە قەلەباچکە دەچوێنێت."قەلەباچکەیەك بە زمانی قەلەباچکەکان دەبێت قەلەباچکەکان تێبگەیەنێت، ئیدی نابێت قەلەباچکەکان بە زمانی قەلەباچکەکان قسە بکەن."(عەلی،2020: 205).ئەم لێکچواندنەش هیچ شتێك نییە، جگە لە خۆبەگەورەزانی و نیشاندانی باڵادەستی و هێز بەسەر نەتەوەی کۆڵۆنیکراو و بێڕێزی کردن بە زمانەکەی، کە لە ڕاستیدا زمانەکان هیچ جۆرە جیاوازییەکیان نییە و هەموویان ئامرازێکی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکانن و هیچ نەتەوەیەك ئەو مافەی نییە بە سوك سەیری زمانی نەتەوەیەکی دیکە بکات.

تاریق ئاکانسۆ نمونەی کۆڵۆنیکەرێکە، کە تەنانەت پۆشینی جلوبەرگی نەتەوەییش بە کفر و بڤە دەزانێت بۆ ئەم مەبەستەش سڵ لە هیچ جۆرە سزایەکی دەرونی و جەستەیی ناکاتەوە. ئەو"لە هەر جێگایەك کوردێکی بگرتبایە جل و بەرگی وەك کوردانی کۆن بایە و یاساکانی قەدەغەکردنی جلی نەتەوەیی بیگرتبایەوە، توند و بێڕەحم لەگەڵیدا دەجوڵایەوە. هەتا شوڵك و لێدانی ئاشکراشی لە سەر شەقامە گشتییەکان بەکاردەهێنا. جلوبەرگی کوردانی بە تێکدانی دیمەنی گشتی شار حیسابدەکرد و سزای بۆ دانابوو."(عەلی،2020: 117).ڕۆمانوس زیرەکانە سیاسەت و فەلسەفەی ڕەگەزپەرستانەی تورك لە کاروکردەوەی خودی ئاکانسودا نیشان دەدات. ئاکانسو کەسێکە بێزی لە هەموو شتێکی داگیرکراو دەبێتەوە، لە ڕاستیدا خودی ئاکانسۆ نیشاندەری سەپاندنی کەلتوری تورکسالارییە، کە بە ئاشکرا لەناو دەوڵەتی تورکیادا پشتیوانی لێدەکرێت و ڕێگە بە بوونی فرەکەلتوری نادات و هیچ حیسابێك بۆ نەتەوەکانی دیکە ناکات و دەیەوێت هەموویان وەك تورك ڕەفتار بکەن، وەك تورك بئاخڤن، وەك تورك بخۆن و بخۆنەوە، وەك تورك بیربکەنەوە، وەك تورك دڵڕەق و بێبەزەیی بن.

شێوەیەکی دیکەی ئەویتری کورد لە ئاکارەکانی کەسایەتی(عەدنان عاریف پاشا)دا نیشاندراوە.عەدنان عاریف هاوشێوەی ئاکانسۆی هاوڕێی شتێکی چەسپاو لای هەیە ئەویش دوورووبوونی کورد و خۆشاردنەوەی کوردە لەپەنای تورك."ئەم کوردانە لەدوای پاکگردنەوەی ئەرمەنەکانەوە بوون بە دەستەیەکی دوورو، فێربوون زمان و دەموچاویان شتێك بڵێت و ڕۆحیان شتێکیتر، ئینسان هەندێجار دڵی خۆشدەبێت و دەڵێت تەواو، ئێستا ئەو شێوە و قاڵبەیان وەرگرتووە من دەمەوێت، بەڵام واننییە شتێك من تا ئێستاش بەدەستییەوە دەناڵێنم ئەوەیە، نازانم سەری ئەم خەڵکەی بە خۆیان دەڵێن کورد، چی تێدایە. شوێنێکی تاریکە، زۆر تاریك."(عەلی،2020: 76). ئەم وێنەیە دیوێکی نێگەتیڤانەی مرۆڤی کورد نیشان دەدات، مرۆڤی کورد لە چاوی عاریف پاشادا بوونەوەرێکی دوفاقە و جیهانەکەشی تابلێی تاریکە و چوونەناو ئەو تاریکییەش یەجگار سەختە.

دیدێکی دیکەی نەرێنیانەی لەبارەی ئەوەیتری کورد لەلایەن کۆڵۆنیکەرەوە لە وتە و قسەکانی(ئەمیر ئەمیرهان)ی ئەفسەری تورك دەرخراوە. ئەویتری کورد لە چاوی ئەمیرهاندا بونەوەرێکی نائاساییە، خێوە، جنۆکەیە."جەنابی کۆرژەنەراڵ، ئەم خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵە بە درێژایی مێژو شوێنێکی نەفرەتلێکراو بووە، قەت نەبووە بۆ ماوەی درێژ ئاشتی و ئاسودەیی بە خۆیەوە دیبێت. ئێرە خاکی جنۆکەکانە، زۆربەی مێژونوسە کۆنەکان ئەوەیان بە ڕونی نوسیوە ئەسڵ و فەسڵی ئەمانە جنۆکەیە، گەورەم ئەوە لە دەیان کتێبی کۆندا هەیە، کە بە قەڵەمی مێژونوسە ناسراوەکانی دونیای کۆن تۆمارکراون."(عەلی،2020: 297). ئەم تێڕوانینە ڕیشەکەی بۆ ناو ئەفسانە و کتێبە کۆنەکانی مێژو و تێڕوانینە ئاینییەکان و بەشێك لە بیروڕاکانی کەسانی وەکو مەسعودی دەگەڕێتەوە ، کە ئەسڵ و ڕەچەڵەکی کورد بە جنۆکە دەبەستنەوە.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp135-143

لێرەدا ئەمیرهان دەیەوێت پێمان بڵێت، کە ئەمجۆرە بۆچوونە ڕاستە و کورد لە جنۆکە و خێو بەلاوە شتێکی دیکە نییە، ئەمیرهان نوێکەرەوە و نیشاندەرەوەی ئەو وێنە شێواوانەیە، کە کەسانی ناتێگەیشتوو لە کۆندا لەبارەی کورد نیشانیانداوە، نوسەر لەم ڕێگەیەوە دەیەوێت دڵنیامان بکاتەوە، کە لەگەڵ تێپەڕینی زەمەن و بەرەوپێشوەچوونی مرۆڤەکان هێشتاش کورد لە چاوی ئەوانیتردا لە جنۆکەوە هاتووە و ئەو دیدە ناشرینە نەسڕاوەتەوە.

لە شوێنگەلێکی دیکەی ڕۆمانەکەدا ئەویتری کورد لە چاوی کۆلۆنیکەردا لەسەر ئاستی جەستە سەیری کراوە. دکتۆر سینان کەسێکە لەسەر زاری مامۆستاکەیان وەسفێکی وردی جەستەی ئەویتری کوردمان بۆ دەکات."جارێکیان چووم بۆ لای ئەو مامۆستایەی توێکاریی پێدەگوتین، لە کەمالیستە سەرسەختەکان بوو، ڕۆژێك خوێندکارێکی بچکۆلە و قەموری هەستاند هەموو دەمانزانی لە باشوری خۆرهەلاتی تورکیاوە هاتووە، چەند ڕۆژ لەسەر ئەو وانەمان دەخوێند تا تێبگەین پێکهاتەی ئێسقان و کەللەسەر و لەشی تورك جیاوازە لە پێکهات و ئێسقانی ئەو خوێندکارە داماوە. ئەو ناوی نابوو نمونەی ئێسقانی شێواو، ئیتر هەمووومان ئەو خوێندکارە بەستەزمانەمان ناونابوو ئێسقانی شێواو."(عەلی،2020: 345)ئەویتری کورد لە چاوی دکتۆرێکی تورك نمونەی مرۆڤێکە، کە لە بارێکی جەستەیی ناتەواوە و جیاوازە لە جەستەی کەسێکی تورك، ئەمە ئایدۆلۆژییایەکە درێژکراوەی ئەو فەلسەفەیە کە دەوڵەتی تورك بناغەی بەڕێوەبردنی لەسەر بونیاتناوە، هەروەها سەلمێنەری ئەوەیە، کە نەك لە ڕوکارەکانی دەرەوە، بەڵکو لەسەر ئاستی ڕوکەش و جەستەییش تاکی کورد وەکو بوونەوەرێکی نوقسان و جەستەشێواو سەیری کراوە. نمونەیەکی دیکەی نیشاندانی ئەویتر لەم ڕۆمانەدا لە کەسایەتی هەردوو کوڕەکەی تاریق ئاکانسو شێوەگیر دەبێت. هەر یەك لە ئارسین ئاکانسو و عەلی ئیحسان ئاکانسو نمونەی دوو کەسن، کە لە هەقیقەتدا باوکیان مەرامیەتی وەکو دوو کەسی تورکپەرست و دڵڕەق پەروەردەیان بکات بۆ ئەم مەبەستەش هەر لە منداڵییەوە بڕیاردەدات فێری زمانی کوردییان بکات تاوەکو بۆ کاری سیخوڕی بەکاریان بهێنێت. ئارسین ئاکانسو هەر لەگەڵ فێربوونی زمانی کوردی هەست و سۆزی بەلای خەڵکی ئەو ناوچەیە دەچێت و بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی باوکی هیچ یەکێك لەو بڕیارانە جێبەجێ ناکات و دەبێت بە کەسێك، کە ڕقی لەو کاولکاری و وێرانکارییەی تورکان دەبێتەوە و بەگژ بڕیارەکانی باوکی دادەچێتەوە و ئەمەش بە ڕونی لەم نامەیەدا دەردەکەوێت، کە دوای دوو ساڵ لە ڕاکردنی لە ماڵی باوکی بۆ بەردانی ئەو مامۆستایانەی فێری کوردییان کردووە دەردەکەوێت:" باوکی بەڕێزم. تاریق ئاکانسو. کاتێك ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم ناخم پڕێتی لە هەستی دژ بە یەك و جیاواز... من لەم دوو ساڵەدا لەناو کوردەکاندا ژیام، مرۆڤی زۆر سادە و باشم ناسی. لەگەڵ خێزانێکدا ژیام خۆشیان دەویستم و خۆشم دەویستن. لەلای ئەو خێزانە سادەیە فێربووم لە هیچ میللەت و لە هیچ زمانێك نەترسم و بێهۆ وەك دوژمنی خۆم سەیریان نەکەم. لەبەرئەوەی من تورکم کەس لەم خێزانە بچکۆلەیدا وەك دوژمنی خۆی سەیری نەکردم، منیش ئەوانم وەك دوژمنی خۆم سەیر نەکرد. زۆر جار بیرم لەمەکردۆتەوە، چەند جوان بوو لە هەموو شارێك و لە هەموو جێگایەکی تری دونیا ژیان بەو جۆرە بووایە. هەندێ کەس لەوانە فێری زمانی کوردییان کردم، ئێستا لە زیندانەکانی تۆدا لەژێر ئەشکەنجەدان. من سوێندت بۆ دەخۆم گەر لێبگەڕێیت ئینان بۆران و چەتین پۆلات ئازادن و ئازادانە تورکیا جێبهێڵن، من دەگەڕێمەوە و هەر شتێك تۆ بتەوێت دەیکەم..."(عەلی،2020: 332)ئارسین نوێنەری خودێکە، ئەگەرچی بە ئەسڵ تورکە، بەڵام هەر لە منداڵییەوە بیرکردنەوەی جیاوازە لە دەوروبەرەکەی و واهەستدەکات ئەو کارانەی باوکی و دەوڵەت دەیکەن بە بێ هیچ بیانو و پاساوێك هەڵەن، بۆیە هەوڵدات نەبێتە بەشێك لەو سیستمە دڕەندەیەی، کە باوەڕی بە مرۆڤ و ئازادییەکانی نییە و لەم پێناوەشدا هەموو جۆرە خەباتێك تاقیدەکاتەوە و ئامادەیە بۆ بەردانی مامۆستاکانی خۆی ڕادەستی باوکی بکاتەوە. ئارسین دیمەنی تاکێکی تورکی دیموکراتیخواز نیشان دەدات، کە باوەڕی بە یەکسانی ڕەگەزی و ئازادی بەکارهێنانی مافە سەرەتاییەکانی تاك هەیە و ناتەبایە لەگەڵ ئەو سیستمەی، کە دەوڵەتی تورك لە ڕێگەی خودگەلێکی وەك تاریق ئاکانسو و هاوئاوازەکانی پیادەی دەکات بۆ سڕینەوەی کورد و ئەرمەن و یۆنانییەکان و بۆ بەرهەڵستیکردنی ئەمە دواجار بۆ سەندنەوەی مافی کورد و یۆنانییەکان خەباتی چەکداریش دژی گورگەبۆرە نەتەوەپەرستەکان تاقیدەکاتەوە و دەست دەکات بە کوشتنیان."دەبوو وەك تۆڵەیەکی پێشوەختە تەقە لەو ژەنەڕاڵە پیرانە بکەم...هیچ کەس نازانێت و تێناگات چی ڕودەدات من نەبێت. بەیانی هەموو بەهانەیان هەیە بڵێن نەماندەزانی چی ڕودەدات، بەڵام من نا. من بە چاوی خۆم بینیم چییان لە کوردەکان کرد، بە چاوی خۆم بینیم چییان لە یۆنانییەکان کرد..."(عەلی،2020: 638). ئەویتری کورد، یۆنانی لای ئارسین ئاکانسو وەکو هەر هاوڵاتییەکی تورکیا مافی ژیانی هەیە، مافی مومارەسەکردنی ئازادییەکانی خۆی هەیە نەك وەکو تاکێکی نەفرەتلێکراو و نزم بخرێتە پەراوێزەوە و لە چوارچێوەی تورکدا ناسنامەی بۆ دیاری بکرێت.

ئارسین ئولفەتێکی زۆری بۆ زمانی ئەویتری کورد هەیە و باوەڕی وایە، کە قەدەغەکردنی ئەم زمانە لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە شتێکی یەجگار قێزەونە." جارێك لە وتارێکدا نوسیبوی(قەدەغەکردنی زمانی ملیۆنەها مرۆڤ بۆ دەیان ساڵ یەکێکە لە تاوانە هەرە ترسناکەکانی سەدەی بیست، کە هاوشێوەی کەمە لە مێژوی مرۆڤایەتیدا)."(عەلی،2020: 567)ئارسین بیرکردنەوەیەکی جیاواز و ڕیزپەڕی هەیە و بەر لە هەر شتێك دان بە بوونی زمانی نەتەوەی تر لەناو تورکیا دادەنێت و پێیوایە قەدەغەکردنی زمان شوڤێنیەتی ئەو سیستمە نیشان دەدات، کە دەوڵەتی تورك بەڕێوەی دەبات.

هەرچی عەلی ئیحسان ئاکانسووە ئەویش وەکو ئارسینی برای هەر لە منداڵییەوە لەسەر ڕاسپاردەی باوکی بۆ مەبەستی سیخوڕیکردن و وەرگێڕانی زمانی کوردی خۆی فێری ئەو زمانە دەکات، عەلی ئیحسان ئاکانسو نمونەی خودێکی کۆلۆنیکەرە، کە بەهۆی فێربوونی زمانی کوردییەوە هۆگریی بۆ کوردەکان و زمانەکەیان هەیە، بەڵام ناتوانێت وەکو ئارسین ڕێگە دروستەکە هەڵبژێرێت:"من سی و سێ ساڵە لەگەڵ کوردەکان دەژیم، بەڵام مێژوی بنەماڵەکەم، نەخشەی تورکیا، مەئمورەکانی دەوڵەت، مامۆستاکانی مەکتەب، بەرپرسەکانی سوپا، هەموو بە یەك دەنگ دەڵێن میللەتی وا بوونی نییە. ئەوە بووە بە نەخۆشییەکی دەرونی بۆم، وەك ئەوەیە من هەموو ژیانم لەناو خێو و جانەوەرانی خەیاڵیدا بردبێتەسەر...من لە منداڵییەوە لەو کاتەوەی لە جوتیارێکی کوردەوە کوردی فێربووم، زمانەکەم خۆشویستوە. دەمەوێت بە خەڵکی تورك بڵێم کوردەکان هەن، بەڕاستی هەن."(عەلی،2020: 350)عەلی ئیحسان لەو ئەزمونە دورودرێژەی ژیانی لەگەڵ کوردەکان و کاری وەرگێڕانی کوردی بۆ تورکی لەناو دەزگای میت، کە متمانەپێکراوێکی بەنرخە لای دەوڵەت، بەڵام لەناو ناخی خۆیدا لەگەڵ ئازارێکی سەخت دەژیت و ناتوانێت لەو ئازارە هەمیشەییە ڕزگاری ببێت، ئەو نمونەی کۆلۆنیکەرێکە، کە لەنێوان دوو بەرداشدا گیری خواردووە، لە لایەك کوردەکان وەکو سیخوڕ و کەسێکی خراپ سەیری دەکەن و لەو باوەڕەن،

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp135-143

کە یارمەتیدەرێکی باشی دەوڵەتی تورکە بۆ پرۆسەی کوشتن و ئەشکەنجەدانی هاوڵاتیانی کورد بە تایبەتیش لای ئەو کەسەی کە فێری کوردی کردووە."عەلی ئیحسان من جارێك هەڵەیەکم کرد تورکێکم فێری زمانەکەمان کرد، بەڵام تۆ چیتکرد، بویت بە جاسوس، سەدان کوردت بەدبەختکرد"(عەلی،2020: 437) ئەم بۆچوونە لای تورکەکانیش هەیە و ئەوانیش بەتایبەت گورگەبۆرەکان وەکو کەسێك سەیری دەکەن، کە یارمەتیدەری کوردەکانە، لەلایەکیترەوە لە ئازاری ویژدانی خۆیدا گیربووە، هەرچەندە ئەو کەسێکە لە زۆر لایەندا یارمەتی گیراوەکان دەدات، بەڵام ژیانی تا ڕۆژی کوشتنی یاریکردنە لەنێوان قوربانی و جەللاد دا."ئەو ئیشەی ئێستای کە تێکەڵەیەك بوو لە ڕاستی و نمایش، بواری پێدەدا لەنێوان تورکەکان و کوردەکاندا، لەنێوان جەلادەکان و قوربانییەکاندا لە هاتوچۆدا بێت، بواری پێدەدا بەردەوام دوو دەموچاوی هەبێت، بەسەرێك مەئمور بێت و بە سەرێکی دیش جارجار لە ئازاری زیندانییەکان کەمبکاتەوە، جار جار حەبی ئازاریان بداتێ، هەندێکیان بپارێزێت، قسەکانی هەندێك وابگۆڕێت لە خزمەت ئازادکردنیاندا بێت، بەڵام هەندێ جاریش دەترسا پێی بزانن، دەترسا ڕاستییەکان وەها زەقبن ئەم هیچی بۆ نەکرێت، دەترسا لە کارمەندی دەوڵەت دەریبکەن، ئیدی قسەکانی خەڵکیان تا سەر پەتی سێدارە دەنارد."(عەلی،2020: 480). عەلی ئیحسان نیشاندەری دوو بیرکردنەوەی دژیەکە و پێگەیەکی ناوەڕاست لەنێوان کۆڵۆنیکەر و کۆڵۆنیکراو وەردەگرێت، کەسێکە ناتوانێت بەتەواوەتی خۆی یەکلابکاتەوە، ئەو ئەگەرچی کارمەندی دەوڵەت و جێبەجێکەری پلانەکانی دەوڵەتی تورکە، بەڵام لە هەمانکاتدا بانگێك لە ناخیەوە دێت تاوەکو جۆرە نەرمییەك لە کارەکەی بنوێنێت و بە تەواوەتی هەموو شتەکان جێبەجێ نەکات تا لانیکەم لە بەشێك لەو ئازارە ویژدانییە ڕزگاری بێت، کە سەردەمێکە لەگەڵیدا دەژیت. ئەو کەسێکە دەتوانێت ئەو کوردانە بناسێتەوە، کە چەندین ساڵە خۆیان بەتورك لەقەڵەمداوە و زمانی دایکیان بیرچۆتەوە و هەوڵدەدات مامۆستایان بۆ بدۆزێتەوە تا فێری کوردییان بکات، ئازادیخوازانی تورك، ئەوانەی باوەریان بە فەلسەفەی ڕەگەزپەرستانەی تورك نییە ئاودیوی سنورەکانی تورکیایان بکات تا لە جەوری تورك دەربازیان بێت.

ئەویتری کورد لە چاوی(عەلی ئیحسان ئاکانسو)دا لە هەندێك شوێندا مرۆڤێکە خاوەن هەڵوێستە، جوامێرە، هیچ ئازار و ئەشکەنجەیەك ناتوانێت کۆڵی پێبدات و پەشیمانی بکاتەوە لە کوردبوون، ڕەگەزێکە نایەوێت خۆی بە کەمتر لە تورك بزانێت، بۆ ئەم مەبەستەش ئامادەیە هەموو قوربانییەك بدات."چەند ساڵ لەمەوبەر لە زیندانی دیاربەکر ژنێکیان هێنا تورکی باش دەزانی، تورکی لە من و ئەفسەرەکە و حاکمە سەربازییەکانیش باشتر دەزانی. هەموو جارێك چەندەها سەعات ئەشکەنجەیان دەدا تا وای لێبکەن بە تورکی وەڵامبداتەوە، هەموو شتێکی خراپیان بەرامبەر دەکرد، لێیان دەدا، لاقەیاندەکرد، نینۆکیان دەردەهێنا شت نەبوو بەرامبەری نەکەن، هێندە جگەرەیان لەسەر مەمك و سمتی کوژاندبووەوە ناویان نابوو تەپڵەکی جگەرە. بەڵام هەموو جارێك کاتێك دەیانهێنایەوە بەردەمی دادگا و حاکم دەیپرسی"ها تەپڵەکی جگەرە ئێستا دەڵێیت چی."کیژەکە دیسان هەر بە کوردی وەڵامیدەدایەوە. ئەوسا دووبارە دەیانناردەوە بۆ ئەشکەنجە. چەندەها مانگ ئاوها بوو، حاکمەکان شێت بوبون بەدەستییەوە و جەلادەکانیش ماندوبوبون."(عەلی،2020: 257)ڕۆمانوس لە ڕێگەی کەسایەتی عەلی ئیحسان ئاکانسووەوە، کە خودێکی کۆڵۆنیکەرە خەبات و تێکۆشانی ژنێکی کۆڵنەدەری کوردمان پێ نیشاندەدات، کە بۆ خەبات لەپێناو مانەوەی زمانەکەی ئامادەیە ڕۆح و گیانی فیدابکات، نوسەر لەمەدا بەمەبەست لە چاوی خودێکی کۆڵۆنیکەرەوە ئەو بەرگری و خۆڕاگرییە دەئاخنێتە ناو کەسایەتی ژنێکی کورد، تا پێچەوانەی ئەو بۆچوونە نیشانبدات، کە دوژمنانی کورد بانگەشەی بۆ دەکەن و مرۆڤی کورد بە ناهۆشیار و لاواز وەسفدەکەن و ئەو وێنایە دەسڕێتەوە، کە تاکی کورد تاکێکی بێ ورە و خۆڕانەگرە.

لە هەندێك شوێنی دیکەی ڕۆمانەکەدا ئەویتری کورد لە چاوی عەلی ئیحسان ئاکانسودا نمونەیەکە درێژکراوەی ئەو بیرکردنەوەیە، کە دەوڵەتی تورك و بیری کەمالیستی لەسەری دەڕوات."کوردەکان ڕقیان لە دەوڵەتی تورکە، ئەوانەشی ئیش بۆ دەوڵەت دەکەن. هەر لە ترسدا یان بۆ پارە یان لەبەرئەوەی شەڕی هۆز و تایفەیان لەگەڵ یەکدا هەیە. بۆیە ئەو کارە دەکەن.من مەئموری دەوڵەتم. ناتوانیت فێڵ لێکەیت. باوکم لەسەر هەقە، ئەگەر ترسیان نەبێت و بکەونە جوڵە یەکەم کەس ئێمە دەکوژن."(عەلی،2020: 467). عەلی ئیحسان کورد بە ئاگری بن کا دەچوێنێت، لە هزری ئەودا ئەویتری کورد خامۆشە، تا ئەو کاتەی هێز و جەبەڕوتی دەوڵەتی لەسەرە، ئەگەر بۆ چرکەیەك ئەو سیاسەتەی دەوڵەت کاڵبێتەوە ئەوا دەست بۆ کوشتن و سەربڕین دەبەن.

دووەم: لە ڕوانگەی کۆڵۆنیکراودا: گومان لەوەدا نییە، کە ئەویتری لە چاوی داگیرکراودا وێنەیەکی جیاوازی هەیە. لەم ڕۆمانەدا نوسەر لە ڕوانینی کوردەکانەوە وەکو نەتەوەیەکی بندەست و داگیرکراو هەمیشە هەوڵیداوە وێنەی ئەویتری داگیرکراو، کە تورکە بەرجەستە بکات و زۆرینەی کاتیش ئەم وێنەیە نەرێنییە.

ئینان بۆران کە کەسایەتییەکی کوردە و هاوکاری زۆری ئارسین ئاکانسو دەکات بۆ فێربوونی زمانی کوردی بە چاوێکی ڕقەوە سەیری کاروکردەوەکانی تاریق ئاکانسو دەکات و بە ئامێرێکی ترسناك دەیبینێت، کە هەموو شتێك لەپێناوی مەکینە گەورەکە، کە تورکە دەتوێنێتەوە، بۆیە لە سەرەتادا بە گومان و دودڵییەکی زۆرەوە لە ئارسین دەڕوانێت." ئێمە بەدبەختیمان بە دەست دەوڵەتی تورکەوە زۆر چەشتووە، گەر تۆش بە نیازی ئەوە هاتویت بەدبەختی ترمان بۆ زیادبکەیت، لێمانگەڕێ. ئێمە بەهۆی لاوازی و نەبوونی چەك و نەبوونی پشت و پەناوە زوڵمی دەوڵەتمان قبوڵکردووە، لەوە زیاتر شتێکی ترمان نییە بتاندەینێ، زیاد لەوەی بوینە کۆیلەتان و حاشامان لە زمان و مێژوی خۆمان کردووە، هیچی ترمان نەماوە پێتان ببەخشین."(عەلی،2020: 269). ئەویتری کۆڵۆنیکەر لای ئینان بۆران کەسێکە نەتەوەی کوردی لە هەموو شتێك داماڵیوە، سەرەتاییترین مافەکانی زەوتکردووە، خۆی وەکو سەردارێك دەبینێت، کە دڵخۆشە بە هەبوونی کۆیلە، هیچ شتێك نەماوە دەستی بۆ نەبات و داگیری نەکات.

دیمەنێکی دیکەی ئەویتری داگیرکەر لای(مەهدی تەرجومان)نیشان دراوە، ئەو دوای ئەوەی عەلی ئیحسان ئاکانسو فێری کوردی دەکات، چەند ئامۆژگارییەکی گرنگی فێردەکات، کە پەیوەندییان بە زمان و خۆشویستنی زمانەوە هەیە. زمانی ئەویتری تورك لای مەهدی ئەگەرچی لە بنەڕەتدا زمانێکی جوانە، بەڵام لای بەشێك لە تاکی کورد وەکو زمانێکی ناشرین سەیری دەکرێت، چونکە فێربوونی کراوەتە مەرج بە زەبری هێز و چەك." باوکت و فەرماندارەکانی تر وایان لەگەڵ ئێمەدا نەکرد، بۆیە زمانەکەتان چەند جوان بێت هەتاهەتایە لای زۆر کەس لە ئێمە بە ئازار و ترسەوە گرێدراوە."(عەلی،2020: 285).ئەو قسانەی مەهدی دەرخەری ئەوەیە، کە ئەویتری تورك فێربوونی زمانەکەی تێکەڵی ئایدۆلۆژییای هێز کردووە و گرێیداوە بەوەی، کە دەتوانرێت لە ڕێگەی توندوتیژییەوە زمانەکە بەسەر نەتەوە ژێردەستەکانی تر بسەپێندرێت.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp135-143

(زەکی ڕەزا باکلان) کوردێکی کۆلۆنیکراوە، تاکێکە هەر لە منداڵییەوە بە زمانی تورکی گۆشکراوە و زمانی دایکی لێسەندراوەتەوە، بەڵام هەمیشە لەگەڵ ئەو ئازارەدا ژیاوە تا ئەو ساتەی بڕیاردەدات بگەڕێتەوە بۆ سەر ئەسڵی خۆی و لە تورکی دوربکەوێتەوە. زمانی ئەویتری تورك لە دیدگای ئەودا شتێکی ناخۆش و تاڵە."مامۆستا من لە منداڵیدا کاتێ لە پۆلدا دەکەوتمە تورکی قسەکردن، وەك ئەوە وابوو بنێشتێکی تاڵ لە دەممدا بێت، هەموو ژیانم واهەستمکردوە بنێشتێکی تاڵ لەدەممدایە."(عەلی،2020: 643). زەکی ڕەزا بە هۆی زمانی تورکییەوە هەر لە تەمەنی منداڵێتیدا هەستی بەو بارە ناخۆشە کردووە، کە تورك بەسەریدا سەپاندویەتی وێنەی ئەویتری تورك لای ئەو بە زەوتکەر، ستەمگەر، زەبروزەنگ پێناسەدەکرێت، تورك لە دیدی ئەودا کەسێکە بەر لە هەموو شتێك لە ڕێگەی زمانەوە دەیەوێت باڵادەستی خۆی بسەپێنێت، ئەمەش پرۆسەیەکە وادەکات داگیرکراو تا ماوەیەکی زۆر و تا ئەو کاتەی فێری زمانی دایکی خۆی نەبێتەوە لەژێر چەپۆکی ئەو نەفرەتە دەربازی نەبێت.

## ئەنجام:

1. ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی وەکو دەقێکی هاوچەرخ گرنگی بە کۆمەڵێك پرسی وەك ناسنامە، خود، ئەویتر، کلتور داوە و نوسەر ئاگایانە ئیشی لەسەریان کردووە.
نوسەر لە بونیاتی کارەکتەرەکانیدا چەند شێوەیەکی جیاوازی"ئەویتر"ی بەرجەستەکردووە، کە هەر یەکێکیان هەڵگری ئایدۆلۆژیایەکی جیاوازن.
2. لەم ڕۆمانەدا ئەویتر لە دوو ڕوانگەوە سەیری کراوە، کە ئەویتری داگیرکەر(تورك)و ئەویتری داگیرکراو(کورد)ن و هەر یەکێك لەمانە لە کاروکردەوە و گوتەی چەند کارەکتەرێکی ناو ڕۆمانەکە بەرجەستە دەبن.
3. "ئەویتر"ی داگیرکەر لە ڕۆمانەکەدا لە چاوی داگیرکراودا هەڵگری ئایدۆلۆژیایەکە، کە بە گشتی زەبروزەنگ و توندوتیژی و دەمارگیری و زەوتکردن و خۆسەپاندن و سڕینەوە ناسنامەیەتی.
4. "ئەویتر"ی داگیرکراو لە دیدگای داگیرکەردا بە کێوی بوون، ناشارستانی بوون، دڕندە، تاریك، نەزان سەیری کراوە.

## سەرچاوەکان:

زەند و نادر، سیروان جەبار ئەمین(د)، کوردستان عەبدولوەهاب(2023)، ڕەنگدانەوەی دووڕەگیبوون وەك بنەمایەکی پۆست کۆلۆنیالیزم لە ڕۆمانی"هوتێل ئەوروپا"ی فەرهاد پیربالدا،گ.تویژەر، بەرگی شەش، ژمارە یەك.

لومبا، ئانیا(2018)، کۆلۆنیالیزم و پۆست کۆلۆنیالیزم، و.عومەر عەلی غەفوور، چ1، دەزگای جەمال عیرفان، سلێمانی.

عەلی، بەختیار(2020)، داگیرکردنی تاریکی،چ1، ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی.

کالەر،جۆناسان(2018)، تیۆری ئەدەبی، و.سەنگەر نازم و هیمداد حوسێن،چ1،ناوەندی فێربوون، هەولێر.

یۆنگ، ڕۆبێرت جەی.سی(2019)، پۆست کۆلۆنیالیزم، و: گەلاڵێ، چ1، دەزگای مێخەك، سۆران.

اشکروفت،جریفیث،تیفین، بیل و جاریث و هیلین(2010)، دراسات ما بعد الکولونیالیة، مفاهیم الرئیسیة، ترجمة: احمد الروبی، ایمن حلمی، عاطف عثمان،ط1، المرکز القومی للترجمة، القاهرة.

افضلی و عتابی و گندمی، علی(د)،رحیم(د)،نسترن(2019)، واکاوی رویکرد پسااستعماری در رمان الحی الاتینی اثر سهیل ادریس، AL-Adab journal,no1.

المزروعی، فاطمة(د)(2007)، تمثیلات الاخر فی ادب ما قبل الاسلام،ط1، هیئة ابو ظبی للثقافة و التراث، المجمع الثقافی.

صالح بك و سلطانی و دهقانی،مجید و زهرا و زینب(1398)، گفتمان پسااستعماری در دو رمان موسم الهجرة الی الشمال از طیب صالح و سووشون از سیمین دانشور، کاوشنامه ادبیات تطبیقی، دانشگاه رازی، سال نهم، شماره 33، بهار 1398.

کلیگز، مری(1399)، درسنامەی نظریەی ادبی، ت. جلال سخنور، الاهه دهنوی، سعید سبزیان م، چ2نشر اختران، تهران.

لعیبی، محمد قاسم(2011)، صورة الاخر فی الروایة العراقیة المعاصرة، رسالة الدکتوراه، کلیة الاداب، الجامعة المستنصریة.

ویدون،کریس(2018)، النقد النسوی ما بعد الکولونیالی، ترجمة معتز سلامة، مجلة فصول، الهیئة المصریة العامة للکتاب، مجلد(3/26)العدد(103).

یانج، روبرت(2003)، اساطیر بیضاء، ترجمة احمد محمود، ط1،المشروع القومی للترجمة، القاهرة.

Arora, Sudhir K(2020), Post colonialism: Theory, Issues and Applications, Presentations of Post colonialism in English: New Orientations, second edition, Authors press, new Delhi.

Dore, geetha ganapathy(2011), The Postcolonial Indian Novel in English, first edition, Cambridge publishing, Newcastle.